# ڕاگەیاندراوی کۆتایی پلینۆمی حزبی ڕزگاریی کوردستان

ڕۆژی ١٥-٨-٢٠٠٧ هاوکات لەگەڵ پازدەهەمین ساڵیادی ڕاگەیاندنیدا، حزبی ڕزگاریی کوردستان بەبەشداری زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و جێگرەکان و نوێنەرانی کۆمیتە پارێزگاکانی باشووری کوردستان لەژێر دروشمی " لە پێناو هەڵسەنگاندن، دیموکراتیزەکردن و کاراترکردنی ڕێکخستن" دا پلینۆمێکی ئاوارتەی پێکهێنا.

پلینۆم بە خولەکێک ڕاوەستانی بێدەنگ بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی دەستی بەکار کرد، پاشان هەڤاڵ **عومەر حەسەن** کارگێڕی مەکتەبی سیاسی بەناوی دەستەی ئامادەکاری پلینۆمەوە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کردو ڕۆژەڤی پلینۆمی پێشکەش کردن.

لە یەکەمین دانیشتنی پلینۆم دا هەڤاڵ **ڕێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزب لێکدانەوەیەکی سیاسی سەبارەت بە کارەکانی حزب، ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکەی لە دوای دووەمین کۆنگرەوە کە لە تشرینی ٢٠٠٤ پێکهاتبوو تا ئەمڕۆ پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

لێکدانەوەکە ڕاشکاوانە ئاماژەی بە گۆڕانکاریەکانی سێ ساڵی ڕابردوو کرد، کارەکانی حزبی هەڵسەنگاند، لەسەر توندوتیژی و ئاژاوەکانی نێو عێراق و خۆ دزینەوە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ڕاوەستا. لە لێکدانەوەکەدا ڕەوشی باشووری کوردستان، عێراق، وڵاتانی دراوسێ و هەڕەشەکانیان ئاماژەیان پێکرا، هەڵوێست و ڕامانەکانی ڕزگاری سەبارەت بە تێکڕای کێشەو قەیرانەکان خرانە ڕوو.

لە دووەمین دانیشتنی پلینۆم دا هەڤاڵ **هۆشیار عەبدولڕەحمان** ئەندامی مەکتەبی سیاسی ڕاپۆرتی مەکتەبی ڕێکخستنی پێشکەش بە پلینۆم کرد. پاشان دەرگەی گفتوگۆکردن و ڕا گۆڕینەوە لەسەر ڕۆژەڤ و کارنامەی پلینۆم خرایە سەرپشت، ئەندامانی پلینۆم بە هۆشیاری و وردبینەوە ڕاو سەرنجی خۆیان سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەوپێشەوبردن و ئەکتیڤکردنی ڕێکخستنەکانی حزب ، شێوازی ڕەفتارکردن لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی داهاتوو دیارکرد.

پلینۆم جەختی کردەوە کە حکومەتی هەرێم و پارلەمانی کوردستان دوودەستکەوتی نەتەوەیین، لەئاکامی تێکۆشان و قوربانیەکانی گەلی کوردستان وەبەرهەم هاتوون، دەبێ پارێزگارییان لێبکرێ، بەوهۆیەوە ئامادەیی بەرخۆدانی لەهەمبەر ئەو نەخشەو پیلانانە دەربڕی کە بەمەبەستی لەباربردن و گورز وەشاندن لێیان بەڕێوەدەبرێن.

پلینۆم ڕێکەوتنەکانی نێوان نوری مالکی و ئەردۆگانی بە نیاز خراپی و مەترسیدار بۆسەر هەرێمی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان لێکدایەوە و ریسوای کردن، دووپاتیشی کردەوە کە حکومەتی نوری مالکی نەک توانای ئەوەی نیە کە لە شکرکێشی بۆ هەرێمی کوردستان بکات و هاودەستی لەگەڵ سوپای تورکیادا بکات ، بەڵکو کۆنترۆڵی خۆی لەدەست داوەو توانای پارێزگاریکردنی لە خۆیشی نەماوەو لە ناوچەی سەوزدا گیری خواردووەو پەکی کەتووە.

پلینۆم ڕەوشی عێراقی بەکارەساتاوی بینی، داخباری خۆی لەبەرانبەر ئەو هێرشانەی دوایی کە کرانە سەر ئێزدیەکان و کەرکوکیەکان دەربڕی کە دەیان مرۆڤی سڤیلیان تێدا بوونە قوربانی، بەوهۆیەوە تیرۆریستانی ریسواو مەحکوم کرد، ئەوانەی بە پیلانێکی دەرەکی بۆ ترساندن و تۆقاندنەوەی کوردستانیان دانا، هیوای خواست کە بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەک ناکام بکرێنەوە.

پلینۆم جەختی کردەوە کە هێزە توندڕۆکانی عەرەب و بەرەی تورکمانی و بەشێک لە وڵاتانی دراوسێ بۆ قوڵکردنەوەی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بە پشتیوانی ئەمریکا دەست بەکارن، لێبڕاوابە هەوڵ دەدەن تا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرێ و ڕاپرسی بەڕێوەنەچێ، بەوهۆیەوە پلینۆم لە کوردستانیان و هێزە سیاسیەکانی خواست کە یەکگرتووانە لەهەمبەر ئەو گەلە کۆمەکییە ڕابوەستن و پیلانەکانی ئەوان پوچەڵ بکەنەوە.

پلینۆم ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی بە هەنگاوێکی ئەرێنێ و لەبەرژەوەندی گەلی کوردستان لێکدایەوە، بەوهۆیەوە هیوای خواست کە لایەنە هاوڕامانەکانی دیکەش بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو لیستی هاوبەش پێکبهێنن، بە هێزێکی زۆرترەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دا بکەن.

پلینۆم پێی لە سەر گرنگی بەهێزکردنی ئۆپۆزیسیۆن کردەوە، هاوێرکردن و کێبەرکێی نێوان دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بە ڕەواو هاوچەرخانە دانا، بە قازانجی بەرژەوەندی گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێم و کۆمەڵگەی کوردەداری لێکدایەوە، وێڕای ئاماژەکردن بە کشانەوەی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لە بەرەی گۆڕان وگرفتە نێوخۆییەکانی حزبی دیموکراستخوازانی کوردستان، پلینۆم جەختی لەسەر نۆژەنکردنەوەی بەرەی گۆڕان کردەوە.

پلینۆم بەلەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن و بەرەوپێشەوەبردنی مەکتەبی ڕاگەیاندنی حزب داوای کرد کە هەرچی زووترە ئۆفیسەکانی هەفتەنامەی **ڕۆژی گەل** لە شارەکانی هەولێرو کەرکوک و دهۆک دا بکرێنەوە.

**کۆمیتەی ناوەندی**
**حزبی ڕزگاریی کوردستان**
**٢٠٠٧-٨-١٦**

# کوردو شیعه ڕێکدەکەون

## ئاکۆ مەجید

ڕۆژی ١٦-٨-٢٠٠٧ هەردوو لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ هەردوو لایەنی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق و حزبی دەعوە دا ڕێککەوتنێکی چوار قۆڵیان مۆر کرد. ڕێکەوتنی نێوان هێزە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان لەگەڵ هەردوو لایە شیعە دەستەڵاتدارەکەی عێراق هەنگاوێکی چاوەڕوان کراوبوو، چونکە بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو، بەتایبەتیش لە کاتی شەڕی نێوان عێراق و ئێران دا ئەو چوار لایەنە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هاوکاری و پشتیوانی دەکران، بەمەش هاوخەباتی لە نێوانیاندا دروست ببوو، سەرۆک تاڵەبانی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەدا وەبیری هێنایەوەو گوتی: (هەر چوارمان نوێنەرایەتی ئەو حیزبانە دەکەین کە لە دژی دیکتاتۆریەتدا تێکۆشاون)

ڕێککەوتنی نێوان چوار لایەن کە کار بۆ یەکێتی خاکی عێراق دەکەن نەک هەر کارێکی ئاسایی و سروشتییە بەڵکو بۆ ئەوان پێداویستی قۆناغەکەشە، بەڵام ئایا خەڵک و هێزە سیاسیەکانی دیکەی کوردستان چۆن لەو ڕێککەوتنە دەڕوانن؟!

خەڵکی سەربەخۆخوازی کوردستان لەگەڵ ئەوە دانیە کە کار بە عێراقی یەکگرتوو بکرێ، بەڵام کار کردن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بە گرنگ و پێویست دادەنێ

بێگومان هەموومان دەزانین کە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ چەند لایەنێکی نزیک لە خۆیان دا ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستانیان پێکهێناوە. بەگوێرەی کارنامەی ئەو ئەنجوومەنە هیچ لایەنێک بەبێ پرسی لایەنەکانی دیکە و ڕەزامەندی ئەو ئەنجوومەنە ناتوانێ لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی ئەنجوومەن هاوپەیمانی و ڕێککەوتن مۆر بکات، بە گوێرەی زانیاریەکانیش هەردوو لایەنی کوردستانی پرسیان بە هاوپەیمانانی خۆیان لە ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسەکان نەکردووە!

هەموومان دێتە بیرمان کاتێک یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وێڕای ئەوەی پرسی بە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکی حکومەت کردبوو، ئەوسا بەشداری لە کۆنگرەی قاهیرەدا کردبوو، لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانیش باسی کردبوو کەچی لێیان کرد بە هەڵلاو زۆر نەمابوو خەڵکی کوردستان ناچار بکەن کە دژی یەکگرتووی ئیسلامی بڕژێنە شەقامەکان و هێرش بۆ سەر بارەگاکانیان بکەن، بەڵام ئایا ئێستا هەڵوێستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و لایەنەکانی دیکەی ناو ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان چی دەبێ کە نە پرسیان پێکراوەو نە داواشیان لێکراوە کە بەشداری لەو بەرەیەدا بکەن؟!

ئەگەر هێزە سیاسیەکانی کوردستان و هاوپەیمانانیان لە ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانیشدا نارەزایی دەرنەبڕن، بەڵام ئێستا زۆر ڕاشکاوانە وەبەر ڕەخنەو گلەیی و گازاندی لایەنە سوننیەکان کەوتوون، بە تایبەتیش حزبی ئیسلامی عێراق کە هەردوو لایەنی کوردستان زۆر جەخت لەسەبەر بەشداربوونیان دەکەنەوە. لەم بەستێنەدا تاریق هاشمی بە ڕاگەیاندنەکانی گوتووە کە تەنگژەی عێراق لەسەر ڕێککەوتن و هاوپەیمانی لایەنەکان ڕانەوەستاوە، بەڵکو تەنگژەی سەرەکی ئەوەیە کە پێکهاتەکانی عێراق پارچە پارچەو هاوێربوونە، ئاسۆی داهاتوو لێڵ و نادیارە، ئێمە پێویستمان بە ڕامان و بۆچوونی هاوبەش بۆ داهاتوو هەیە.

جێگەی ئاماژەیە کە جگە لە کۆماری ئیسلامی ئێران  هێشتا وڵاتانی دیکەی دراوسێ ڕامان و سەرنجی خۆیان دیاری نەکردووە، نازاندرێ ئەمریکاو ئەوروپاش چۆن لەو بەرەیەدا دەڕوانن کە دۆستە دێرینەکانی ئێران پێکیان هێناوەو دەیانەوێ کورسیەکانی فەرمانڕەوایی لە نێوان خۆیان دا دابەش بکەن؟!

# پۆلیسی ئینتەرپۆل به دوای ڕەغد دا دەگەڕێ

## دلاوەر مستەفا



هەواڵەکان بڵاویان کردەوە کە پۆلیسی ئینتەرپۆل لەسەر داوای حکومەتی عێراق ڕۆژی هەینی ڕابردوو فەرمانی دەستگیرکردنی ڕەغد سەدام حوسێن، کچە گەورەی سەرۆکی رووخاو و لەسێدارەدراوی عێراقی دەرکردووەو داوای کردەوە : هەرکەسێک زانیاری سەبارەت بەشوێنی ژیانی ناوبراوهەیە با پۆلیسی شارەکەی لێ ئاگادار بکاتەوە.

ئینتەرپۆل نووسیویەتی کە ڕەغد سەدام حوسێن مەجید تەمەنی (٣٨) ساڵە بەرپرسیارێتی چەند تاوانی تیرۆریستی و تاوانی دژ بە ژیان و تەندروستی بێتاوانان خراوەتە ئەستۆ، لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە بەوە تۆمەتبارکردوە کە لە ڕووی داراییەوە هاوکاری گروپە توندڕۆکان و پاشماوەی بەعس دەکات ، بەوهۆیەوە داواکراوە.

ماڵپەرەکە داوای لەو کەسانە کردووە کە هەر زانیارییەک لەسەر شوێنی ڕەغد دەزانن ئاگاداری بەشی پۆلیسی ناوخۆیی لە شارەکانیان بکەنەوە.

بێگومان پۆلیسی ئینتەرپۆل دەزانێ کە ڕەغد سەدام حوسێن ئێستا میوانی شا عەبدوڵلای ئوردەنەو لە کۆشکێکی تایبەتی ئەودا لەگەڵ منداڵەکانیدا دەژی، لە کاتی هەڵواسینی سەدام حوسێنی باوکیدا لە پێشەنگی ئەو ڕێپێوانەدا بینرا کە لە عەممانی پێتەختی ئەو وڵاتە لە کۆمەڵگەی سەندیکای پیشەییەکان بەڕێوەچوو، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا فەرمانی دەستگیرکردنی ڕەغد هیچ کۆمەکێک بە ڕەوشی ئاسایشی عێراق دەکات؟! ئایا ئەگەر ڕەغد بگیرێ و ڕادەستی حکومەتی مالکی بکرێتەوەو سزای لەسێدارەدانی بۆ دەربچێ و هەڵبواسرێ دیسانەوە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕەوشی ئاسایشی عێراق دادەنێ و ئارامی دەکاتەوە ؟!

لەلایەکی دیکەشەوە ڕاستە ڕەوشی ئاسایشی عێراق تەواو تێکچڕژاوو ئاڵۆزبووە، هەم کاریگەری نەرێنی لەسەر حکومەت و هێزە هاوپەیمانەکان داناوە، هەمیش ڕیسوایی زۆری بۆ فەرمانڕەوایان و ئەمریکا بەدیاری هێناوە، بەڵام دادو فیغانی حکومەتی عێراق و پەلەقاژەکردن بۆ ڕادەستکردنەوەی نەیارانی خزمەت بە درێژکردنەوەی دەستەڵاتی کابینەی مالکی دەکات؟!

لەوانەیە زۆرێک لەوانەی کە ئەمڕۆ لە لووتکەی دەستەڵات دان ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیاری سەدام حوسێن بوون و لە وڵاتانی ناوچەکەدا دەژیان و ڕێبەرایەتی تێکۆشانی دژ بە بەعس و سەدامی دیکتاتۆریان دەکرد، بەڵام هەگیز سەدام پەرۆشی ئەوە نەبوو کە ئەوانە ڕادەستی بکرێنەوە، چونکە ڕژێمی بەعس باوەڕی بە خۆی هەبوو، لە جوڵانەوەی نەیارانی نەدەترسا، بەڵام حکومەتی مالکی چونکە باوەڕی بەخۆی نیە ئیدی لە سێبەری خۆیشی دەترسێ. گەشتی ئێستا موەفەق ڕوبەیعی بۆ وڵاتانی ناوچەکە ڕاستەوخۆ ترسی حکومەت لە نەیارانی خۆی بەدیار دەخات، تەنانەت داواکردن بۆ مۆرکردنی پەیمانی ئاسایشی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا سەرچاوەی لەو ترسە گرتووە.

ئەوانەی ئەمڕۆ فەرمانڕەوایی عێراق دەکەن جاران ڕەخنەی ئەوەیان لە سەدام دەگرت کە ژنان دەگرێ و زیندانیان دەکات. بەڵام ئێستا خۆیان بۆ ڕادەستکردنەوەی کەسێکی وەکو ڕەغد کە هیچ توانایێکی بەرهەڵستکاری تێدا نیە هانا بۆ ئەمریکاو ئینتەرپۆل دەبەن. لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە لەکاتی ڕووخانی ڕژێمی سەدام سەرۆک تاڵەبانی ئامادەیی خۆی بۆ میوانداریێتی ژن و کچەکانی سەدام حوسێن دەربڕی و ڕایگەیاند کە ئەوان دەتوانن بێنە کوردستان و بە ئازادی بژین، چونکە تاڵەبانی دەیزانی کە ژن و کچەکانی سەدام هیچیان لەدەست نایەت، بەڵام ئێستا حکومەتی مالکی هەوڵ و توانای خۆی بۆ دەمکوت کردنی ڕەغد تەرخان دەکات.

بۆ ئەوەی ئینتەرپۆل بتوانێ نەیارانی حکومەتی عێراق بگرێ و ڕادەستیان بکاتەوە کاتێکی زۆری دەوێ، چونکە زۆربەی سەرکردەکانی بەعس وگروپە توندڕۆکانی دیکە کە دژایەتی حکومەتی مالکی و هێزە هاوپەیمانەکان دەکەن لە وڵاتانی عەرەبی دا داڵدەدراون، تەنانەت نێردراوەکانی ئەمریکا لەو وڵاتانەدا لەگەڵیان کۆدەبێتەوەو داوای هاوکارییان لێدەکات، کەواتە حکومەتی عێراق و ئەمریکاش شوێنی گەورە بەرپرسە نەیارەکانیان پێدەزانن، بەڵام هەنگاوی گرتن و ڕادەستکردنەوەیان ناهاوێژن.

من پێموایە تەنگژەوئاڵۆزی و کێشەکانی عێراق تەنیا بەوە چارەسەر دەبێ کە بیر لە یەکێتی خاکی عێراق نەکرێتەوەو کار بۆ مسۆگەرکردنی پێکهاتەکان بکرێ.

# ئێزدیەکان لەژێر هەڕەشەدان و ٣٠٠ پێشمەرگەش بۆ پارێزگاریکردنیان ڕەوانە دەکرێن !!

## سیراون شوانی

دوای ئەوەی ڕۆژی ١٥-٨-٢٠٠٧ تیرۆرستیان بەهۆی چوار ئۆتۆمۆبێلی بارهەڵگرەوە هێرشیان کردە سەر کوردانی ئێزدی لە دەڤەری شنگال، لەئاکامدا زیاتر لە پێنج سەد کەسی سڤیل گیانیان لەدەست داو سەدانی دیکەش بریندداربوون، ئەوسا دەستەڵاتی هەرێمی کوردستان ئەوانی وەبیر هاتەوەو بڕیاری دا کە هێزی پێشمەرگە ڕەوانەی ناوچەکە بکات.

هێرش کردنە سەر کوردانی ئێزدی ویژدانی هەموو جیهانیانی هەژاند، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپاو زۆربەی وڵاتانی دیکە سەرخۆشیان لێکردن و کردەوەکەیان ریسوا کرد، پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیش وەک پیشەی هەمیشەیی خۆیان سەرو بەیاننامەیان بڵاوکردەوەو داخباری خۆیان ڕاگەیاندو هیوای چاک بوونەوەیان بۆ بریندارەکان خواست! کە خۆشیان باش دەزانن سەرەخۆشی لێکردن و هیوای چاک بوونەوە تۆزقاڵێک کۆمەک بە بنەماڵەی قوربانیەکان ناکات. هەقە ئیدی حزبە کوردستانیەکان واز لەو ڕۆتینە بهێنن، ئەگەر لەواری کرداریدا شتێکیان بۆ دەکرێ با درێغی نەکەن، دەنا بەیاننامە چ برینێک تیمار دەکات.

ئەو تاوانەی دژ بە ئێزدیەکان ئەنجام دراوە ڕێگەی بۆ هێزە کوردستانیەکان خۆشتر کردووە تا لێبڕاوانە داکۆکیان لێبکەن و هێزی پێشمەرگە ڕەوانەی ناوچەکە بکەن، بەڵام مخابن لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم وەزارەت پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان خۆی هێناو خۆی برد تەنیا سێ سەد پێشمەرگەی ڕەوانەی ناوچەکەکرد، کە نازاندرێ ئەو هێزە توانای پاراستنی خۆیان دەبێ یان نا؟! ئەوە سێ سەد پێشمەرگەیە نەک ناتوانن شارۆچکەکان بپارێزن، بەڵکو ئەگەر بەسەر گوندەکانیش دابەش بکرێن سەرو یەک پێشمەرگەیان بەرناکەوێ!! کەواتە ناردنی سێ سەد پێشمەگە نە ئارامی بە ئێزدیەکان دەبەخشێ، نە دەشتوانێ واتای هاوخەمی قوڵتر بکاتەوە.